# دێوەزمە ڕەشەکان

**سەفین موراد**

خۆ هێشتا حەپە حەپی هەمان ئەو سەگانە لە نێو خەو رامدەچڵەکێنێت، یان ئەو منداڵانەی، کە بەدەم ڕاکردن گریانوکۆکەیان تێکەڵ بووبوو، دەستی دایکیان گرتبوو: ڕاکردن؛ بێ ئەوەی هیچ ئارەستەیەک ئامانجیان بێ. گریانیش بۆ ماوەیەکی خووێک بوو، بەڵام ئێستا هەست دەکەم پێکەنیناوییە، چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت، تەنیا وەک سینەمایەک هەر فرمێسکێک دەبێتە پێشاندەری ڕووداوێک لە ڕووداوەکان. ئاخر منداڵێک خوێنی لە هەر خواردنەوەیەک زیاتر بینیبێت، چۆن جارێکی تر، چاوەڕوانی بەزەییی لێدەکرێت.

***

ڕاهاتبووم پەنجە لەسەر فڕۆکەکان دابنێم، پێم وابوو، کە تەواو گوێڕایەڵی هەر فرمانێکن، کە من پێیان دەسپێرم، یارییکردن لەگەڵیان، بزەیەکی بەسەر لێوانم دەهێنا، کە دەسەڵاتی لێوەکانمی لێدەسندمەوە، پێموابوو هیچی تر بەشێک نین لەو لاشە زلەی من، کە هەموو منداڵانی گەڕەک ڕقیان لێیبوو، چونکە یارییم لەگەڵیان نەدەکرد. بەڵام لەمەیان هەڵەی دایکم بوو، کە هەمیشە پێی دەگوتم «ڕەفتارەکانت لە منداڵێکی دووازدە ساڵان ناچێت، منیش هەموو جارێ خەندەیەکی شانازییم دەکرد، کە ئەو، خۆویستییەمی دووپات دەکردەوە، هەتا ڕۆژێک ئەو یارییکردنەم بوو بە کابووس، کە دە ساڵی تەواوە لە خەوتێکدانم بەشدارە و لە هەر ژەمێکی خواردنەکەم، سەرێشەم بۆ دروست دەکات، لێناگەڕێ هیچ پێکەنینێکم لە چەند چرکەیەک تێپەڕ بکات.

هەر ئەو ڕۆژەی کەمێک لە دووریی منداڵەکان دانیشتبووم، ئەو قسانەی شەوی ڕابردووم دووبارە دەکردەوە، کە دایک و باوکم بە زمانلەرزۆکێ و ئاخهەڵکێشان باسی چەند کەسێکیان دەکرد، منداڵەکانیش لەولاوە بە قاقای پێکەنینیان هەموو گەڕەکیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردبوو، دوای ئەوە لە چاو تروکانێک،

چەند ئۆتۆمبێلێک خێراتر لە بای زستان بە خێزەی تایەکانیان لە پشتمەوە تێپەڕین، لەگەڵ ئاورم دایەوە، دایکێک هاتوو یەکێک لە منداڵەکانی خستە ژێر شانی و بردیە ژوورەوە، یەکێکی تر، لە دوورەوە برایەکەی بە هەموو هێزی دەنگیەوە هاواری دەکرد «کاکە، کوڕە خێراکە وەرە.» دەنگی چەند قیژەیەک لەهەمان ماڵ دەبیسترا. سێ منداڵ لە دەرەوە مابوون، کە بینیم دایکم بە ڕاکەڕاک و هەناسەبڕێکەوە بەرەو لام دەهات، لەبەر هەناسەدانە بەهێزەکەی نەیتوانی هیچ قسەیەک بکات، تەنیا بە دەستی ئاماژەی پێکردم تا زوو بگەمە لای. من تێنەدەگەیشتم چیبووە، بەڵام دڵنیابووم شتێکی ترسناک، گەڕەکەکەی لە چەند چرکەیەک چۆڵکردووە، چونکە هیچ شتێک ناتوانێت دووکانەکانی گوندی بۆرک بەم شێوەیە دابخات. هەر کە دەستم گەیشتە دایکم، وەک پەڕۆیەک بەدوای خۆیدا ڕایکێشام، هەرماڵێکیش، کە لەسەر ڕێگە دەمبینی، لەئێمە خێراتر ماڵیان جێدەهێشت، لە خولەکێک کەمتری پێچوو، کە گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلەکەی باوکم. هەر کە گەشتینە لایان، خوشکە بچووکەکەم، ڕۆژی پێشتر بووبوو بە شەش ساڵ باوەشی پێداکردم، فرمێسکەکانی زۆر گەرمبوون بۆنی ترسێکی زۆریان لێدەهات، لێدانی دڵی وەک دەهۆڵی وەحشەکان بوو لەو سنگە بچکۆلانەی، ئەوکات زانیم من تاکەکەسم، کە هیچ شتێک نازانم، بەڵام پرسیارکردنم دواخست.
لەنێو ئۆتۆمبێل سەرنجم هەر لەسەر خوشکەکەم بوو، بەڵام لە هەڵپەڕینی ئۆتۆمبێلەکەوە دەمزانی، کە لەسەر شەقام نین، دەستم بەسەر قژی خوشکەکەم دادەهێنا و پرسیارم لە دایکم کرد:
- دایە گیان، چی ڕوویداوە؟ بۆ وا دەکەن؟ بۆ ماڵەوە بە جێدێڵین؟ ئەی ئەو خەڵکە هەمووی بۆ کوێ دەڕوات؟ «گەرمیییەک لاشەمی داگرتبوو خەریک بوو دەیتاواندمەوە، دەنگی دڵم لەگەڵ قسەکانم تێکەڵ بووبوو، خەریک بوو لە سینەم دەردەپەڕی، زمانم بەخێرایی هەموو ئەو پرسیارانەی کردن.
- کوڕم، مەترسن. هیچ نابێت. ئەوە چەند کەسێ، کە داعشیان ناوە خەڵکی ئێزیدیی دەکوژن....» باوکم قسەکانی پێبڕی و گوتی.

– نەخێر. کوڕم، هیچ کەسێک ناتوانێ نزیک ئێوە بکەوێت «ڕووی لە دایکم کرد «باسی ئەو شتانە مەکە لای منداڵەکان».
ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و ئێمە هاتینە خوارەوە، چیایەکەم دەناسییەوە، کە چەند جارێک بۆ خۆشیی سەردانمان کردبوو، بەڵام وا دیارە ئەم جارە چیای شەنگال لە نەخۆشییەکانیشمان بەشدارە. بە گەرمیی و برسییەتیی خۆم، دەمزانی دەمەونیوڕۆیە، بەڵام برسییەتییم لەبیر چووەوە، کە بینیم ئەو هەموو خەڵکە بە ڕاکەڕاک بە چیاکەوە سەر دەکەون. منداڵ، گەنج و پیر، هەموویان ڕایان دەکرد، وەک سووپایەک لە جەنگ پاشەکشە بکات تا لە بەدیلگیران ڕزگاریان بێت.
باوکم چەند شتێکی لە کۆڵی خۆی کرد و جانتایەکیشی دا بە دایکم، من و خوشکەکەشم تۆقیبووین، هەر سەیری ڕاکردنی ئەو خەڵکەمان دەکرد، شێوەی هەڵاتنیان ڕێک ئاماژەی کۆتاییی جیهان بوو. تا باوکم گوتی:

- دەستی خوشکەکەت بگرە. دەبێ بگەینە ئەوێ «بە دەستی ئاماژە بە شوێنێکی کەمێک ژێرلووتکەی چیایەکە کرد».
- دوای نیو کاتژمێر لە ڕۆیشتن، هەمووومان ماندووبونمان پێوە دیار بوو، خۆر لەسەر سەرمان سووتێنەر بوو. دواتر باوکم چەند شتێکی خواردن و خواردنەوەی دەرهێنا، ئەوکات لێوەکانم بیابانێکی شەقبردوو بوون. ئاوخواردنەوە و گوێگرتن لە خێزانێک، کە لە نزیک ئێمەوە دانیشتبوون، پیاوێک وادیاربوو باوکیان بوو، ئارەقەی نێوچاوانی سڕییەوە و گوتی:
- نابێ ڕابکەین و خێزانەکانمان لەو دڵەڕاوکێیە بژن، با چەک هەڵبگرین و ئەو داعشە خوێنمژە ببینینەوە.»
- توخودا ئەگەر من مردم ئاگات لە منداڵەکان بێت «هاوسەرەکەی بە سەماڵەکەی دامامکی کردبوو، چاوەکانی فرمێسکی لێڕانەدەوستان، کە ئەم قسانەی کردن.

هەر کە گوێم لەم قسانە بوو، فرمێسکێک گەرمتر لە خۆری سەر سەرم لە چاوم هاتە خوارەوە، دایکم سەری خستمە سەر

سنگی خۆی و بە گریانەوە چەند قسەیەکی کردن، کە لە هیچیان تێنەگەیشتم، ئەو کات باوکم بۆ سەرقاڵکردنمان، هەمووانی هەڵستاند و دەلالی خوشکمی خستە سەر پشتی خۆی و گوتی:

- زۆرمان ماوە با بڕۆین.

دوای چەند جارێک پشوودان، گەیشتینە شوێنی مەبەست، کە ئەو کات خۆر لەئاوابوون دابوو، ئەوەش ترسی خەڵکی زیاتر کرد. لە هەر دەنگێکی بچووک پیاوەکان خشەی چەکاکانیان دەهات و ئاڕاستەیان دەکرد بۆ خوارەوە. تاریکیی خوشکەکەمی خستە خەوێکی قووڵەوە. منیش زۆر شەکەتی ڕێگە و بیرکردنەوە بووم، دەستم خستە گیرفانم وێنەی خێزانەکەم کەوتە بەردەستم، دەرمهێنا، کە سەیرم کرد هەستم بە خۆشیی دەکرد، کە ئەوان هێشتا سەلامەتن، چەند جارێکیش سپاسی چیای شەنگالم کرد، کە ئێمەی گرتووەتە باوەش. بەڵام خەوێکی زۆر خەریک بوو چاوەکانمی کوێر دەکرد، تەنیا گوێم لە دەنگی گریانی دایکم و پلانەکانی باوکم بوو بۆ بەیانیی، کە چۆن ڕزگارمان بکات، بۆ گوندێکی نزیک چیاکە. ئاخ! دوای چی؟!

حەپە حەپی چەند سەگێک لە خەو ڕایچڵەکاندم، گریانی چەند منداڵێک، کە لە دوامەوە ڕایان دەکرد. منیش نەمدەتوانی بجووڵێم، باوکم ڕادەکات و منی لەسەر شانە. دایکم دەلالی لە باوەشە لە دوامانەوە ڕادەکات، لە ڕووناکی مانگەشەو چەند شتێکی ڕەشم بەدیکرد، کە دوامان کەوتوون، بە هاواری (الله اکبر) خەڵکەکەیان زیاتر تۆقاندبوو. تا دەهات دەنگی گوللەکان نزیک دەبووەوە، هاواروگریانیشم پێشبڕکێیان بوو لەگەڵ دەنگی گوللەکان. دەنگێکی گەورە هەموو هەستەکانی لە کار خستم. کزەیەک هەستی بیستن، دووکەڵبینین، تۆز و خۆڵیش گەروویان گرتم. بە زۆر چاوەکانم کردەوە وەک خەونێک ببینم بە چەند کەسێک دایکمیان گرتبوو و جلەکانیان لەبەردا دڕاند، دایکیشم هەر هاواری دەکرد و سەیری ئێمەی دەکرد، ئاخۆ بزانێ ماوین. نەمتوانی هیچ بکەم، تەنیا توانای داخستنی چاوەکانم هەبوو و هەستم بە گەرمیی فرمێسکێک کرد لەسەر ڕوومەتم بۆ دایکم، کە نەمدەتوانی یارمەتیی بدەم.

کە هەڵستام بۆنی باڕووت و خوێن، ئەو شوێنەی تەنیبوو، سەیری هەر لایەکم دەکرد خوێن بوو، وەک ئەوەی بڵێی شانۆیەک بێت، کە شانۆکاران بە ڕەنگی سوور ڕۆڵی تێدا بگێڕن. گەڕان لە بێدەنگیب لەو شوێنە دڵنیای کردمەوە، کە من تاکە کەسم، کە لەسەر پێیەکانم وەستاوم.

مردووەکان و لەهۆشخۆچووەکان چاوەکانیان وەک یەک داخستبوو، دیمەنی خوشکەکەم لە گەڕان وەستاندمی، کە بینیم ئەو لووتە بچووکەی خوێنی لێدەچۆڕێت، دەستەکانی لە نزیک گوێچکەکانی بوون، وەک ئەوەی بڵێی گوێیەکانی بگرێت لە ترسی ئەو دەنگە بەهێزانەی، کە دەهاتن. بەدەم نزای ئەوەی کە نەمردبێ چوومە پێش، بەڵام مێشکم، دڵە داخدارەکەم و لەرزینی هەموو ئەندامانی لەشم کۆکبوون لەسەر ئەوەی، کە جارێکی تر، گوێم لە ناوی «کاکە» نابێتەوە.

- دەڵال، دەڵال، دەڵال.....» لە جاری پێنجەم و شەشەم سەریم خستە سەر سینەم و قیڕەم لە ئاسمان دەنگی دەدایەوە. ئەوکات دڵنیابووم، کە دڵی بچووکی، هیچی تر ئەو گۆرانیانە ناچڕێت، کە لەلام خۆشترین مۆسیقایان هەبوو.

بە هەموو هێزمەوە هاوارم دەکرد، بەڵام تەنانەت چیای شەنگالیش چیتر توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. دواتر سەیری لای چەپم کرد، بەڵام خۆزگە سەیرم نەکردبا و مردبام، یان کوێربام. باوکم سەری لەلایەک و لاشەی لەلایەکی تر کەوتبوو. نەمتوانی بگریم، بیربکەمەوە، تەنانەت بشجوولێم. وام هەستکرد ئیدی تەواو ئەسڵان شێت دەبێ، خۆزگە، هەزار خۆزگە ئەو کات شێت بووبام. خەریک بوو ڕابکەم، چونکە دڵی ترسنۆکم بەرگەی ئەو شتانەی پێ نەدەگیرا، کە پێم لە جلوبەرگی دڕاوی دایکم گیربوو، ئەو کات بیرم کردەوە، کە دایکم چەند ئازار دراوە، کاتێ دەستدرێژیی کراوەتە سەر. دڵنیام، کە دوو کاتژمێر کەمتر نەبووە، کە ڕام دەکرد و هاوارم دەکرد، تا لەو شوێنە دوور بکەومەوە. هەموو ئەو یادگاریانەم دووبارە لە مێشکم لێدەدایەوە، کە لەگەڵ خێزانەکەم کردوومە. ئیتر هەستم کرد جەستەم تاقەتی هیچی نەماوە، مێشکیشم هەر داوای دەکرد

«مەوەستە».
ئاخر من بەو تاریکییەدا بۆ کوێ بڕۆم، دەمزانی زۆر دوورکەوتوومەوتەوە، تەنانەت ئەو شوێنەی منی لێبوو، گوندەکانی ئەوێ، لە دوورەوە زۆر ئارام دیاربوون. بەڵام نەمتوانی بجووڵێم، لەژێر تاشەبەردێک دانیشتم و سەیری وێنەی خێزانەکەم دەکرد، چەند جارێک سەرم بە بەردەکەدا کێشا تا بمرم، ئەو کات شتەکان لەپێش چاوم دەخولانەوە تا بەلاداکەوتم.بۆ بەیانیەکەی لە ماڵی پیاوێک بەئاگا هاتمەوە.

***

ئێستاش تەمەنم بیست و دوو ساڵە، کوڕی ئەو شوانەم، کە بەرەبەیانی دوای ڕووداوەکە دۆزیمیەوە و بردمیە ماڵەکەی. وەک باوکێک بەخێوی کردم تا ئەم ساتە. لە ژوورەوە دانیشتووم و سەیری وێنەی خێزانەکەم دەکەم، مام عەباس دێتە ژوورەوە، دەپرسێ:
– ئەوە چی دەکەی کوڕی خۆم؟
– باوکە، سەیری وێنەی خێزانەکەم دەکەم. دووبارە فرمێسکەکان قسەم لەگەڵ دەکەن و گلەییی لە چیای شەنگال دەکەن، کە نەی توانی خێزانەکەم بپارێزێت.
– کوڕم، ئەوان لە بەهەشت چاوەڕوانی تۆن.
بەدەم سەیرکردنی هەمان وێنەوە، ئەو ڕووداوەم بیردەکەوێتەوە، دەساڵە بیردەکەمەوە بزانم ئایا ئەو شتە ڕەشانە مرۆڤ بوون یان دێوەزمە. بیرکردنەوەش لە ڕەنگی ڕەش دەمترسێنێت. هەموو شەوێکیش لەخەومدا بە هەمان شێوە بەدوامەوەن. ئەو وێنەیەی، کە ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە بۆ لەدایکبوونی دەلالی خوشکم گرتبوومان، ئێستاکە هەمان وێنە نییە. ئەم وێنەی ئێستا، دایکم بە ڕووتی پێشان دەدات، کە لەلایان چەند کەسێک دەستدرێژیی دەکرێتەسەر، باوکم، کە سەری دەبڕدرێت. لەگەڵ بینینی هەر خوشک و برایەکیش، دووبارە ئاواتی مردن بە مێشکم دادێت، کە دە ساڵی تەواوە نزای بۆ دەکەم.